کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی کشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
بەکاتی ناوەندی ئەوروپا 5-8-2007 16:00

**فەلسەفەی محەمەدی مەلا قادر کامەیە ڕووی جوانی؟؟!! ... شێروان شۆشمەیی**

[ ... ئێستا کاك مەسعود جێگەی گرتەوە زۆر بەرێکو پێکی، نالێم باشە، بەلام ڕێکو پێکە ... ]"م.م.ق"

ئەم پیاوە کەسێکی ئاسایی نێو کۆمەڵگەنیە، باپیرەیەك نیە لە ماڵەوە خۆی لوول کردبی و چاوەڕی ی نەوەکانی بکا سەردانی بکەن و بە ئاسانی هەرچی بڵی خشکەیی بۆی بچێتە سەرو کەس لی ی نەگری مەلا محەمەد ئەندامی مەکتەبی سیاسی گەورەترین پارت و دێرین ترین فیکرە لەسەر ئاستی کوردستانا، دوانزە کۆنگرەو شانزە خولی کادیری و بە دەیان هەزار ئەندام ودۆست و لایەنگرو جەماوەرێکی بەرچاو، لەسەر ئاستی ناوخۆدا، لەلایەك، لەدیوەکەی تریەوە لەسەر ئاستیدنیا پارتی ئەو حزبەیە کە خوێندنەوە و ئەجندای تایبەتی و لێکۆڵینەوەی لەسەرە تەنانەت لەسەر بارزانی نەمر گەورەترین پەیمانگە لە ئەمریکادا بەبَواری لێکۆڵینەوە کراوەتەوە.. سەرەڕای ئەوەش کە گەلی لە ئەجنداو دۆسی گرنگ و چارەنووس ساز نێوخۆ ی کوردستان بەتایبەتی و ئێراق بەگشتی و ناوچەکەو سیاسەتی ئەوروپاو ئەمریکا گەلی حساب و پێوەری جیدی بۆ هەڵوێستەکانی پارتی دەکری و هەر کەسێك بەتایبەتی لەسەر ئاستی هەرەمی سەرەوە دیمانەیەك بەدواداچوونێك ووتەیەك بە جۆرێك بڵی حساباتی خۆی هەیە و لە گەلی بوارەوە لێکدانەوەی بۆ دەکری...

کاتێك دیمانەیەکی محمدی مەلا قادرم لە نیشتمان نێت دا خوێندەوە بەڕاستی جێگەی قسەو باسە ئەم جۆرە ترحە لەلای کەسێکی سیاسی قاڵبووی ماڵی مەلامستەفای نەمر ئا بەم جۆرە خۆی لە خۆیدا سەرنج ڕاکێشە و قابیل بەوەیە کە ئەم جۆرە پەیڤ و وەلامانە بە خاوەنی بڵێین، بۆ؟؟!!...

بە تایبەت ئەو وەلامەی لای سەرەوە کە ئەندامەکەی مەکتەب سیاسی پارتی کەوتۆتە ژێر فشارێکی نادیارو مەنتیقیانە شیکاری نیە بۆ زۆر ڕێکوپێکە؟؟؟ نالێم باشە؟؟!! بەلام ڕێکوپێکە؟؟!! منێکی سادە ئەو تەسریح وبۆچونەم هەبی خەڵکی دەڵی خوابە عەقڵی خۆی لە گەلا بکا هەر زووش لەبەر چاویان قسەکانم نامێنی بەلام بۆ ئەندامێکی مەکتەبی سیاسی پارتی خەڵك دەکەوێتە گومانەوە و گەلی ڕەهەندی لەلا دروست دەبی...

نازانم ئەمە فەلسەفەیەکی ڕەخنەییە؟ یاخود فەلسەفەیەکی سیاسیە؟؟یاخود وەك "کرۆتشە" بیردەکاتەوەکە فەلسەفەو مێژوو یەك زانستن کە لە چوار ئاستی جوانیدا یەکدەگرێتەوە خیبرەی ئیدراکی کە بەهۆیەوە پێدەزانین کامە بەشە.. خیبرەی ئیدراکی کەبەهۆیەوە پێدەزانین کامە گشتگیرە لە بواری (مەنتیق) دا... خیبرەی عەمەلی ئەمیش بواری مەیدانی ئابوورییە.. کۆتاییان خیبرەی عەمەلی گشتگیرە لە مەیدانی ڕەوشتدا؟؟!! ... دیارە "کرۆتشە" قەرزاری "هیگڵە" بە تایبەتی لە بواری زانستی جوانیدا... پرسیارەکە ئەوەیە ئایا ئەو وەلامەی سەرەوە گوزەری بەلای کام لەوانەدا کردووە؟؟!!

ئەمە ئەگەر مەلا محەمەد لەو بارەوە خوێندنەوەو باکگراوندێکی فەلسەفی لەلا بەرجەستەبووبی بەحوکمی ئەوەی نازانم ماموستایە یاخود مەلایە؟؟!!..

لێرەوە پێویستە بڵێین بۆ ئەوەی ژیانی پارتی لە بوارە جیاجیاکانی ئابووری، کۆمەڵایەتی، سیاسی درێژە بە ئایدیای خۆی بدا لە کاتی ئەوە هاتووە کە گەلی گۆڕانکاری برەخسێنی لە هەرەمی سەرەوەی بە تایبەتی ئەوانەی کە تەمەنیان ئیتر پێویست بەوە دەکا ڕوو لە هێمنی بکاو دانیشێت و جێگەو کایەکە بداتە دەست نەوەی ئایندە تا مەشخەڵی بارزانی نەمر هەردەم لە درەوشانەوەو بەرخۆدانا بی، چونکە ئەرکێکی مێژوویی لە ئەستۆی پارتی و سەرۆك بارزانیدایە ئەرکەکەش ڕوو لەفراوانی و فشارێکی زۆر بەرپابووە بۆیە کۆنگرەی ئایندەی پارتی هەق وایە لە ئاستی چەندایەتی و چۆنایەتیدا بی و بە ڕوانگەو ڕەهەندی تۆکمە و بەهێزەوە بەگورو بەتینێکی ڕووناکترەوە بێتەوە نێو کۆمەڵگە چونکە چی دی

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

مەکتەبیەتی دام ودەزگا ی حیزبی گەلی کێشەی هەنووکەیی هێناوەتەگۆڕی و لاکردنەوە لەو زۆری و بۆرییە ئەرکێکی دڵسۆزانەیە بۆ خزمەتی ڕێبازی کوردایەتی..

هەقیش وایە مامۆستا و ئەوانەی وەك مامۆستان چی دی ڕێگەکە سازو پڕ خۆشەویستی بکەن و دەستی کۆمەڵی کادری بەتواناو لێهاتوو بگرن و ئەمانیش بەڕێزەوە بچنە ماڵەوە دانیشن و چی دی ڕێگە بە خۆیان نەدەن کە ئیتر بە موناسەبە و بەبی موناسەبە پەیڤی ئاوها بدەن و خۆشی و گەلەکەشی بەرەو ڕووی گومان بکاتەوەو جارێکی تر گەر چی بەردەوامیش بی لە سەرکردایەتی پارتیدا باشترە ڕێز لە تەمەنی خۆی بگری چونکە تەمەن حوکمی خۆی هەیە... دەنا ئەم هاوکێشەیە ئاڵۆزەو پێم وانیەمامۆستا بتوانی بە ئاسانی میزان و هاوسەنگی بکا!! گەر وەڵامیشی لە لای ئێمە مەمنوونین!! ... .

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.